# دوو فاقی سیاسەتی ئەمریکا و ئایندەی نزیکی عێراق

**محەمەدی مشیر**



لەوەتەی مالیکی بووەتە سەرۆك وەزیرانی ئەو حکومەتەی دەرەنجامی دوایین پرۆسەی هەڵبژاردن هاتە سەرکار لە عێراقدا، حکومەتەکەی بۆش هەر رۆژەو بە جۆرێك رەفتاری لە گەڵدا دەکات. هەر لە خودی (جۆرج بۆش)ەوە بگرە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسی و سەربازییە جیاوازەکانی حکومەتەکەی هەر یەکە و بە شێوازێ ئەدای حکومەتەکەی مالیکی هەڵدەسەنگێنن و مامەڵەی لە گەڵدا دەکەن. جارێکیان هاوپەیمانی و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ کارنامەکانی مالیکی نیشان دەدەن و جارێکی تریش گوشاری دەخەنە سەر و لە کارەکانی رازی نین. نۆرەیەکیان بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە پۆزەتیڤ لە قەڵەم دەدەن و نۆرەیەکی دیکەیان پرۆسەکە بە چەقبەستوو ئەژماردەکەن. لە لایەکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تا چارەسەرکردنی یەکجارەکی بارودۆخی ئاسایش و سیاسی هێزەکانیان هەر لە عێراقدا دەمێنێتەوە و لە لایەکی دیکەدا باس لە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانیان دەکەن، جارێکیان گوشار دەکەنە سەر ئێران و تۆمەتباری دەکەن بەوەی رۆڵێکی خراپ دەگێرێ لە عێراق و پشتیوانی گرووپە چەکدارەکانی شیعە دەکات، جارێکی دیکە رایدەگەیەنن بەبێ رێککەوتن لە گەڵ ئێراندا دۆخی عێراق چارەسەر ناکرێ.. ئەمانە و دەیان هەڵوێستی دیکەی حکومەتەکەی بۆش لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حکومەتەکەی (مالیکی)یەوە تا ئەمرۆکە لە جیاتی ئەوەی هاوکارو هاندەر بووبن بۆ باشترکردنی بارودۆخی عێراق و رزگارکردنی هەرچی زووتری گەلانی عێراق لە تیرۆر و کوشتن لە سەر ناسنامە و سیاسەتی بەرتەنگی تایفەگەری و کاولبوونی زیاتری ژێرخانی ئابووری وڵات و...، بە پێچەوانەوە رێگر و کۆسپی زەق بوون لە بەردەم ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و پرۆسە سیاسییەکەیان ئاڵۆزتر و پرکێشەتر کردووە. ئەمەیان تەوەرێکی گرنگی کاریگەری ئەو سیاسەتە دوو فاقیەی ئەمریکایە لە عێراقدا، تەوەرەکەی دیکەیان کە لەم ماوەیەی دواییدا بە چڕی لە لایەن حکومەتەکەی (بۆش)ەوە پیادە دەکرێت لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە وێڕای دڵنیاکردنەوەی بەردەوامی مالیکی و حکومەتەکەی، ئەمریکا خەریکە بەرنامەیەکی دیکە دادەڕێژێت بۆ چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و هەرچی زووتری دەربازکردنی خۆی لەو گێژەنگەی ماوەی پتر لە چوار ساڵە تێیکەوتووە، ئەویش ئەوەیە کە خەریکە لە دەرەوەی پرۆسەکەدا بە تایبەتیش لە گەڵ ئەو هێز و لایەنانەی پاشەکشەی یەکجارەکی خۆیان لە حکومەتەکەی مالیکی راگەیاند بگاتە رێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە عێراقدا کە تائێستا سەرۆکەکەی بە شێوەیەکی یەکجارەکی ئاشکرا نەبووە. رەنگە باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکەیەی سەرەوە ئەوە بێت کە کەسێکی وەك عەلاوی، دوای راگەیاندن و ئاشکراکردنی کارنامەکەی بۆ ئایندەی نزیکی عێراق و هەوڵەکانی بۆ وەدەستگرتنەوەی دەسەڵات و لاوازکردنی حکومەتەکەی مالیکی، لە دیدارێکی کورتی راستەوخۆدا (لەم هەفتەیە) لە گەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە راشکاوانە رایبگەیەنێ کە بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی بە راسپاردەی ئەمریکا و وڵاتێکی عەرەبی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات لە گەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی کۆنە بەعسی دیداری کردووە و لە گەڵیاندا کۆبووەتەوە. ئەم جموجۆڵەی عەلاوی هاوکاتی بانگهێشت کردنی بەرەی تەوافوقی سوننی و بەرەی دیالۆگی نیشتمانییە، کە ساڵح موتڵەگ سەرکردایەتی دەکات، بۆ ئەمریکا و کۆکە لە گەڵ سەردانە کتوپڕەکەی (بۆش) بۆ ناوچەی ئەنبار و سەردانی شێخ و سەرۆك هۆزەکانی سوننە کە ماوەیەك پێشتر لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە چەکدارکراوون. رازیکردنی سوننە بەرهەڵستکارەکانی پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراق و رەواندنەوەی مەترسییەکانی کەوانی شیعی لە سەر وڵاتانی سوننە مەزهەبی ناوچەکە لە میانەی ئەو هەوڵ و جموجۆڵە خێرا و کتوپڕانەی ئەمریکادا دێن کە ماوەیەکە خەریکی جێبە جێکردنیانە.

رەنگە لە کۆتایی ئەم وتارەدا بشێ ئەوە بڵێین کە ئایندەی نزیکی عێراق لە چوارچێوەی ئەو کارنامەیە تازەیەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەدەر نییە و زۆربەی ئاماژەکان تەئکید لەو ئاراستەیە دەکەنەوە، ئەگەرچی تا ئێستاش ئەمریکا پشتیوانی بەردەوامی خۆی بۆ حکومەتەکەی مالیکی رادەگەیەنێ و لەولاشدا عەلاوی زۆر بە پەلە بەدوای رازیکردن و دەستەبەرکردنی دۆست و هاوپەیمانی تازەدایە بۆ جێبەجێکردنی کارنامە راگەیاندراوەکەی.

راستی و چەوتی ئەم بۆچوونەی سەرەوە پێویستی بە رۆژگاری داهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراوی سیاسەتی دووفاقییانەی دێرینی ئەمریکایە و پیادەکردنی ئەو رێسایە ئەمریکاییە کۆنەیە کە دەڵێ:" ئەگەر زانیت یارییەکە دەدۆڕێنی یاریزانەکان بگۆڕە". بەش بە حاڵی خۆشم لەو باوەڕەدام کاتی ئەوە نزیك بووەتەوە ئەمریکا یاریزانەکانی بگۆڕێ، ئەتۆ بڵێی یاریزانە تازەکان کامانە بن؟!